# کەرنەڤاڵی زام
# لە ئێوارەی تاراوگەدا

مەهاباد قەرەداغی

پەناکان دالدەی ڕووناکی نادەن
سەداکان دەنگی تاساوی خەونن لە مەملەکەتی بێئومێدیدا
گوڵ شوێنی بۆن ناکەوێ بەرەو باخچەکانی ناخ!
من. . لە هەموو دۆڵە فراوانەکانی نهێنیدا
بە دوای ناسنامە بەرجەستەکانی بووندا دەگەڕام
تا بتوانم بە کلیلی ئاگرینی با. . دەروازەکانی ئاو قفڵ بدەم
لە قوژبنە شێدارەکانی تاریکی و. .
لە درزەکانی دیواری شێتبووندا
لە فەلسەفەی دەنگ دەگەڕام. . تا بیکەم بە سەنگی پێوانی لاڵی
وەک هەموو کاتێ
چاوەکانم و خۆر
عاشقانە دەیانڕوانیە بۆشاییەکانی هیوا
لێوەکانی خۆشەویستی و من. . هێلانەی ماچە پەپولەییەکان بوون
سەردەمێکی نەپێوراو بوو، سەردەمێکی بێ مێژوو
کە تۆ. .
لەسەر کۆڵانەکانی ڕاماندا
دەستت لە لقی خەونێ ئالاند و. .
سەرنجت دەدایە خاڵێکی خاکی
من. . لە حەوزێکی ڕەنگینی حەسرەتدا
دەستنوێژم بە جریووەی خەمەکان دەگرت،
تۆ. . جەستەت کردبووە بەربەستی باکان
لەو دەمە بێ مێژووەدا،
لە ناو چڕەتەمی کارەساتدا ئێمەش دوو خاڵی ڕەش بووین
هەردووکمان. . شەومان بە عەشق لەت دەکرد
یەکتریمان لە ئاوێنەی قووڵی ماتەمینیدا دەدی و ماچ دەکرد
هەردووکمان،

لەو شوێنە بێ کاتەدا
بیری یەکتری و،
نیشتیمان و،
ڕووناکیمان دەکرد!
لە باوەشتا بووم و بیرم دەکردی
لە باوەشی نیشتیماندا بووین و هەناسەی حەسرەتمان بۆی دەکێشا،
لەبەر پڕیشکەکانی خۆر بووین و نەماندەبینی و نەیدەبینین
تیشکەکان کوێر بوون و ئێمەش چاوبەستراو!
لە دووندی جوانیەکانیدا خەو دەیبردینەوە
سەرمان لە باوەشی تریفە و،
چاومان لە هەڵۆرکەی تیشک و،
دڵمان لە قەفەزی چیاکانی سەودابیدا مات دابوو!
من. .
لە چاوە سنۆبەرییەکانی باخچەدا
بە دوای گەلا شەونماوییەکانی گیاندا دەگەڕام
شکۆفەی پەژارەکانم دەدیتەوە
من دەستم بەسەر زبراییەکانی هۆشدا دەکوتا
تا یاقووتەکانی ئاوەز بەدیکەم
ترۆپکەکانی مەراق پەنجەیان دەئێشاندم. . دەڕووشاندم!
تۆ. .
شان بە شانی بیرەوەرییەکان شەپۆلت دەدا
هەنگاو بە هەنگاو. . لەگەڵ چرپەکاندا نەرم دەبوویتەوە
لە خشەخشی گەلاکان ئاوازی وشکبوونەوە و. .
لە گرفە و لرفەی ئاگر. . تابلۆی بوونت دەکێشا!
بوونێکی سادە. . وەک پریشک
بوونێکی دڕدۆنگ، وەک جوانییەکانی تاراوگە
لەسەر ڕاستەڕێی ئەم ونبوونەی دانایین!
هەردووکمان،
لە بۆشاییەکی بێکۆتادا

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
20/04/2003 01:14 www.kurdistannet.org
20-4-2003 1:13
لەناو خۆماندا لە نیشتمان دەگەڕاین
لە توێکانی بیرماندا، لە پەیامێ دەگەڕاین. .
تاراوگەی کۆتر و ڕووبار و خەون نەبێ!
هەردووکمان،
لە ئەندازە ڕەنگینەکانی نەستمان،
لە سێگۆشەیەکی تیژ دەگەڕاین،
تا لە گۆشەکانیدا. .
ژیان و. .
عەشق. . و
کوردستان، قایم کەین!
هەردووکمان،
لە فەلسەفەیەک دەگەڕاین بۆ بوون
لە پێناسەیەک بۆ ونبوون
لە ناوێکی تر بۆ شەڕ و، بۆ هەرەس و، ئاوارە بوون
لە مەودایەک. . بۆ ئەڤین و
مانایەک بۆ خەون و. .
سەرەتایەک بۆ گومان
لە کۆتاییەک بۆ حەسرەت
لە قەفەزێک بۆ نائومێدی و دڕدۆنگی و
لە وێنەیەک بۆ دوا هەواڵی بەرەی جەنگی نێوان ئێمە و خۆمان
لە ئەفسانەیەک بۆ قارەمانێتی و
لە دۆنێکی تر بۆ ژیان!
هەردووکمان،
لە فەلسەفەیەک دەگەڕاین بۆ مردن
لە مانایەک بۆ سەرهەڵدان
لە کاتێکی تر بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش،
لە شوێنێکی تر، یەکجار دوور لەو مەڵبەندە. . بۆ کوردستان!
دوو تیرواسکی کەناری ئاوابوون بووین و. . ئاوا نەدەبووین
دووایین تنۆکی سەهۆڵی تکا بووین و. . نەدەتکاین

www.kurdistannet.org
20/04/2003 01:14 www.kurdistannet.org
20-4-2003 1:13

من،

له دووەم پارچه و،

له سێیەم بەش و،

له چوارەم کەرتی خۆم دەگەڕام. .

تۆ،

له خوایەک دەگەڕای بۆ ئەم جیهانه بێ مێژووەی من

له پێغەمبەرێ بۆ ئەم کەرته بێ ئەدرەسانەی جەستەم!!

. . .

١٩٩٧/٥/٥

ڤییەنا

کوردستان نێت www.kurdistannet.org